وەزارەتی دارایی عێراق داوای لێستی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەکات



وەزارەتی دارایی عێراق داوا لە سەرجەم دامەزراوەکانی عێراق و وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، لیستی مووچەی فەرمانبەرانیان بە ڕەوانە بکەن تاوەکو بە مانگی کانوونی دووەم و مانگەکانی دواتر پشتی پێ ببەسترێت بە پارەدارکردنیان.

بە گوێرەی نووسراوێکی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ، کە لە 16ــی کانوونی دووەمی 2024، ئاراستەی سەرجەم دامەزراوەکانی عێراقی کردووە، وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی تێدایە، داوای لێستی مووچەی فەرمانبەرانی کردووە.
لەو نووسراوەدا ئاماژە بووەراوە، بە گوێرەی یاسای بودجەی گشتی پێویستە خەرجی و مووچەی فەرمانبەرانیان بە مانگی کانوونی دووەم و مانگەکانی دواتر ڕەوانەی فەرمانگەی ژمێریاریی وەزارەتی دارایی یان گەنجینەی پارێزگاکانیان بکەن، تاوەکو ئەو کاتەی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان ڕێزامەندی لەسەر خشتەی بودجە دەدەن.

بە گوێرەی نووسراوەکە، کە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، ئەو لیستە مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەران و

سەرجەم دەرماڵەکان و پارەی لەبەینی خانەنشینی تەدابێت لە دوای وردبینیکردنی لە ڕێگەی بەوبەری گشتی یان بەشی ژمێریاری وەزارەتەکانەوە بۆ ئەوەی لە خەرجی مانگانەی پارەکانیان پشتی پێ بەستراێت